Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# پارەی سەرپەرشتیاری گەنج Young Carer Grant

**پارەی سەرپەرشتیاری گەنج چییە؟**

ئەوە بڕە پارەیەکی ساڵانەیە بەبڕی 390.25 پاوەن بۆ ئەو سەرپەرشتیارە گەنجانەی کە تەمەنیان 16، 17 یان 18 ساڵە و لە سکۆتلەند دەژین. ئەوە دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێکی کاشە بۆئەوەی خۆیان چۆنیان پێخۆشە سەرفی بکەن و دەتوانن داوا پێشکەش بکەن ئەگەر لە خوێندنگە، لە خوێندنی زیاتردا دەوام بکەن، کار بکەن یان بێکار بن.

**کێ دەتوانێت ئەوە وەربگرێت؟**

سەرپەرشتیاری گەنج لەوانەیە شیاو بن بۆ پارەی سەرپەرشتیاری گەنج ئەگەر هەموو ئەو مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

- لە سکۆتلەند بژین
- تەمەنی 16، 17، یان 18 ساڵ بێت
- ئەو لە ماوەی 3 مانگی ڕابوردوودا بە تێکڕا بۆ ماوەی 16 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا سەرپەرشتی پێشکەش کردبێت.
ئەو پشتگیرییەی کە ئەو فەراهەمی دەکات دەشێت جەستەیی، دەروونی یان مەعنەوی بێت
- ئەو کەس یان کەسانەی کە سەرپەرشتییان دەکرێت دەستگیرۆیی (بەنەفێت) ێکی شایستە وەردەگرن.*
- ئەو وەک خۆبەخش سەرپەرشتی هیچ کەسێک ناکات لە داوانامەکەدا ناوی هاتووە
- ئەو کرێی نادرێتێ یان سەرپەرشتی هیچ کەسێک ناکات کە لە داوانامەکەدا ناوی هاتووە
- ئەو داوای پێشکەش نەکردووە یان ئەو بڕە پارانەی وەرنەگرتووە: بڕە پارەی پشتگیری سەرپەرشتیار Carer Support Payment لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند، دەرماڵەی سەرپەرشتیار Carer’s Allowance لە بەشی کارو خانەنشینی Work and Pensions یان دەرماڵەی سەرپەرشتیار لە ئیرلەندای باکوور *Northern Ireland’s Carer’s Allowance.

* پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانە بڕە پارەی سەربەخۆیی کەسی (PIP)، پێکهاتەی ژیانی ڕۆژانە لە بڕە پارەی کەمئەندامی گەورەساڵان Adult Disability Payment ، ڕێژەی سەرپەرشتی ناوەڕاست یان بەرزی دەرماڵەی ژیان بۆ کەمئەندامی (DLA) لەنێوانیاندا دەرماڵەی ژیان بۆ کەمئەندامی منداڵ Child Disability Living Allowance ، ڕێژەی ناوەڕاست یان بەرزی بڕە پارەی کەمئەندامی منداڵChild Disability Payment ، دەرماڵەی ئامادەبوون، بڕە پارەی سەربەخۆیی هێزە چەکدارەکانArmed Forces Independence Payment ، دەرماڵەی ئامادەبوونی بەردەوام Constant Attendance Allowance. ئەگەر ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرێت دەرماڵەی ئامادەبوونی بەردەوام وەردەگرێت، ئەو دەبێت یەکێک لەمانە وەربگرێت: دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی زامداربوونی پیشەسازیInjuries Disablement Benefit (بە ڕێژەی لانی زۆرترینی ئاسایی یان بەرزتر)، یان خانەنشینی کەمئەندامبوونی جەنگ War Disablement Pension (بە ڕێژەی بنەڕەتی).

**ئایا بڕە پارەکە چەندە و دەکرێت بۆ چ مەبەستێک بەکار بهێنرێت؟**

ئەوە بڕە پارەیەکە بەبڕی 390.25 پاوەن. ئەوان نارەزووی خۆیانە کە ئەو پارەیە لە چیدا سەرف دەکەن.

**ئەگەر زیاتر لە 1 کەس سەرپەرشتی کەسێک بکات، ئایا هەموویان دەتوانن داوا پێشکەش بکەن؟**

ئەگەر زیاتر لە 1 سەرپەرشتیار داوا پێشکەش بکات، تەنها یەکەم داوانامەی شیاو بەخشینەکە وەردەگرێت. ئەگەر سەرپەرشتیارە گەنجەکە سەرپەرشتی هاوبەش لەگەڵ کەسێکی تر فەراهەم بکات کە تەمەنی 16، 17، یان 18 ساڵ بێت، ئەوان دەبێت لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەوە هاوڕا بن کە دەبێت کێ داوا بۆ بەخشینەکە پێشکەش بکات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری بەخشینەکە، سەرپەرشتیارە گەنجەکان هەروەها شیاو دەبن بۆ دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی زیاتر کە بە پارەی کاش نییە و دەخرێتە سەر کارتی سکۆتلەندییە گەنجەکان. ئەوان لە هەندێک کۆگا و شوێنی دیاریکراودا داشکاندنی زیاتر بەدەست دەهێنن لەگەڵ سوودمەندبوونی تایبەتی زیاتر، لەنێوانیاندا بلیتی سینەما و بۆنە تایبەتە یەک جارەکان. ئەوان مەرج نییە بەخشینی سەرپەرشتیاری گەنج وەربگرن بۆ دەستڕاگەیشتن بەو سوودمەندیانە.

**ئایا ئەو کەسە دەبێت چەندە سەرپەرشتی فەراهەم بکات بۆئەوەی شیاو بێت؟**

ئەو دەبێت سەرپەرشتی 1 کەس یان زیاتری کردبێت بۆ لانی کەم 16 کاتژمێر لە هەفتەدا بۆ 3 مانگی ڕابوردوو. هەتا ڕادەی 3 هەفتە پشوو لە سەرپەرشتیدا لە ماوەی 13 هەفتەی شایستەبووندا ڕێگە پێدراوە.

بەو مەرجەی کە ئەو کەسە لەماوەی 13 هەفتەکەدا هێشتا کۆی گشتی 208 کاتژمێر ئەنجام بدات.

**ماوەی چەندە دوای پێشکەشکردنی داوا ئایا دەبێت چاوەڕوانی بکەن بەر لە وەرگرتنی برە پارەکەیان؟**

یەکسەر دوای ئەوەی کە ئەوان فۆڕمی داوانامەکەیان بەتەواوی پڕکردەوە، کە هەموو زانیارییە پاڵپشتەکان لەخۆ بگرێت و ئەوە گەیشتە دەستیان بڕیارێک دەدرێت. ئەوان لە بڕیارەکە ئاگادار دەکرێنەوە و برە پارەکەیان ماوەیەکی کورت دوای ئەوە دەگاتە دەستیان.

**ئایا چ ناسنامە یان بەڵگەیەک داوا دەکرێت؟**

بەر لە پێشکەشکردنی داوا، سەرپەرشتیارە گەنجەکە دەبێت وردەکارییەکانی ئەو ئەژمێرە داراییە بزانێت کە ئەو دەیەوێت پارەکەی بخرێتە سەر. ئەگەر ئەو ژمارەی دڵنیایی نیشتمانی (National Insurance number)ی خۆی و ئەو کەسە بزانێت کە سەرپەرشتی دەکات ئەوا ئەوە بوار بۆ داوانامەکەیان دەڕەخسێنێت بۆئەوەی خێراتر جێبەجێ بکرێت.

دوای ئەوەی کە داوانامەکەی پێشکەش دەکات ئەو نامەیەکی بەدواداچوونی بەدەست دەگات کە ئاگاداری دەکاتەوە دەبێت چ جۆرە ناسنامەیەک بنێریت بۆ ئێمە بۆ پشتڕاستکردنەوە.

**ئایا سەرپەرشتیارە گەنجەکە دەبێت پارەکە بداتەوە؟**

نەخێر، ئەوە قەرز نییە و پێویست ناکات لەلایەن گەنجەکەوە بدرێتەوە.

**پارەکە دەدرێت بە کێ؟**

پارەکە ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر ئەو ئەژمێرە داراییەی کە گەنجەکە خۆی دەستنیشانی کردووە.

**سەرپەرشتیارە گەنجەکان کەی دەتوانن داوا پێشکەش بکەن؟**

ئەوان دەتوانن ساڵانە داوا پێشکەش بکەن لە تەمەنی 16 بۆ 18 و دەبێت هەموو ساڵێک جارێکی تر داوا پێشکەش بکەنەوە ئەگەر هێشتا هەر شیاو بن.

**ئایا ئەوە کاریگەری لەسەر دەستگیرۆیی (بەنەفیت) ی دیکە دادەنێت؟**

نەخێر، پارەی سەرپەرشتیاری گەنج لە هەڵسەنگاندنەکانی دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکانی شانشینی یەکگرتوو و تاکس کریدتدا فەرامۆش دەکرێت.

**خەڵک چۆن داوا پێشکەش دەکەن؟**

خەڵک دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **mygov.scot/benefits**. ئەوان هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **0800 182 2222**

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفونمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری گواستنەوەی تێکست: 0300 244 4000 +18001(بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی هێمای بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

فۆڵۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند (Social Security Scotland) بکە